واللە ئەم دونیایە لای خودا بێنرختر‌ە زیاتر لە بێنرخی ئەمە لای ئێوە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە لای بازاڕێکدا تێپەڕ بوو وخەڵکی لە دەوروپشتی بوون، تێپەڕ بوو بە لای بەچکە بزنێکی گوێ بڕاوی مردارەوەبوو، گوێی گرت وبەرزی کردەوە، وپاشان فەرمووی: «کێ هەیە حەز بکات ئەمە بۆ ئەو بێت بە درهەمێک؟»، ووتیان: حەز ناکەین بۆ ئیمە بێت بەهەر شتێوەیەک بێت، چی بەمە بکەین؟ پاشان فەرمووی: «ئایا حەز دەکەن (لە هەرحاڵەتێکدا) هی ئێوە بێت؟»، ووتیان: واللە ئەگەر زیندوو بووایە کەموکورتی تێدا بوو وبێ نرخ دەبوو چونکە گوێ بڕاوە، ئەی چی ئەگەر مردوو بێت! -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «واللە ئەم دونیایە لای خودا بێ نرختر‌ە زیاتر لە بێنرخی ئەمە لای ئێوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

جابر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە بازاڕدا بە لای بەچکە بزنێکی گوێ بڕاوی مردارەوەبوو تێپەڕی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە گوێیەکانی بەرزی کردەوە وفەرمووی: (کێ هەیە حەز بکات ئەمە بۆ ئەو بێت بە درهەمێک؟) ووتیان: حەز ناکەین بۆ ئێمە بێت بەهەر شتێوەیەک بێت، چی بەمە بکەین؟ پاشان فەرمووی: (ئایا حەز دەکەن -لە هەرحاڵەتێکدا- هی ئێوە بێت؟)، ووتیان: نەخێر. ئەویش فەرمووی: (واللە ئەم دونیایە لای خودا بێ نرختر‌ە زیاتر لە بێنرخی ئەمە لای ئێوە). پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وبستی بێ نرخی وکەمی دونیا ڕوون بکاتەوە لە لای خوای گەورە بۆ هاوەڵانی وبۆ ئومەتەکەی لە پاش خۆی، بەشێوەیەک کە ئەم دونیایە بێ نرختر وکەمترە لای خوای گەورە لە بێ نرخی ئەم بەچکە بزنە مردارەوە بووە لای ئێوە، خەڵکی حەز ناکات بێ بەرامبەریش هی ئەو بێت، ئەمیش نمونەی دونیایە بەرامبەر بە بەهەشت، هیچ نرخێکی نییە، ولای خوای گەورە تەنانەت نرخی باڵە مێشوولەیەکیشی نییە، هەروەکو لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لو كانت الدنيا تعدل عند الله جناح بعوضة، ما سقى كافرا منها شربة ماء) [رواه الترمذي] واتە: (ئەگەر دونیا لای خوای گەورە هێندەی باڵە مێشوولەیەک نرخی -کێشی- هەبووایە؛ ئەوا خودا نەیدەهێشت هیچ کافرێک تێیدا -لەسەر زەویدا- تەنانەت قومێک ئاویش بخوات). پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وبستی ئاموژگاری هاوەڵانی وئومەتەکەی بکات بۆئەوەی دونیا بەکاربهێنن وەکو ئامرازێک بە جێبەجێکردن وگەیشتن بە مەبەستی خوای گەورە لە دروستکردنیان ئەویش بریتیە لە پەرستنی خودا، واتا مەبەستیان تەنها ڕابواردن وپەیداکردنی دونیا نەبێت لەسەر زەویدا چونکە ئەمە هۆکاری تیاچوونیانە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4178